# دەسەڵات فێری توندوتیژیمان دەکات، ئێمەش نامانەوێت

یاداشتێك بۆ بەڕێزان:
سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان
ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان
ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی
خوێندكارانی زانكۆ، زانستخوازان
بانگەشەكەرانی دیموكراسی

ئێمە وەك كۆمەڵێك ڕێكخراوی كۆمەڵگەی مەدەنی دەمانەوێت ئەوەتان پێڕابگەیەنین كەگرنگە هەموو لایەكمان بزانین خوێندكارانی مانگرتووی كۆلێژی زانستی كۆمپیوتەری زانكۆی سلێمانی چیان كردبوو تا هێزەكانی "ئاسایش"و "موداهەمەی دژە تیرۆر" ئاوها دڵڕەقانە دوو شەوی لەناكاو بەجلی مەدەنیانەی ڕەشەوەو بەژمارەیەك ئۆتۆمبێلی میك زەمینی پڕ لەچەكداری جل بەڵەك بەڵەكەوە هەڵبكوتنە سەریان‌و ئەوەی لەدەستیان بێت، هەر لەلێدان‌و قژڕاكێشانی كچان‌و كەتەرهاویشتن‌و میلهێنانەوەو لەخۆڵگەوزاندن، بەرامبەریان بیكەن..!!
خۆ ئەو قوتابیانە نە لەچیاكانی شنرۆیەوە هاتبوون‌و نەخۆیان بۆمبڕێژكردبوو، لەقەڵەم‌و خشتەی ئیمزا كۆكردنەوە زیاتر هیچی ترمان پێنەبینین، ئیتر بۆ دەبێت ئەوانە بكرێنە كەرەسەی مەشق‌و ڕاهێنانی دڵڕەقانەی پڕ لەزەبری ئەو هێزانەی هەتا هەڵیان نەكوتایە سەریان‌و ئامبازیان نەبوون‌و پەلاماریان نەدان، ئەوان‌و زۆرێك لەئێمەش چاوەڕێی ئەوەمان لێدەكردن گیان‌و ئاسایشیان بپارێزن‌و نەهێڵن لەلایەن كەسەوە دەستدرێژیان بكرێتە سەر، چونكە لەو ماوەیەی ئەوان مانیان تێداگرتبووپاراستنی گیانی ئەو خوێندكارانە سەنگی مەحەك بوو بۆ هێمنی‌و ئاسایشی شار!!
بەڵام دواجار دەركەوت ئەو هێزانە خۆیانن تاریكی‌و چۆڵەوانی شەقامەكانی شەو دەقۆزنەوە بۆ تێكدانی جەستەو باری دەروونی خوێندكارانی مانگرتووی ناوەڕاستی شارەكەمان‌و بەبەرچاوی خۆیانەوە چەندین كوڕو كچیان شەڵاڵی خوێن دەكەن‌و شارێك لەناخەوە ئازاردەدەن‌و ئەو دیمەن‌و وێنانە بەبیر شەقام‌و درەخت‌و دایكانی شەهیدو مرۆڤەكانی ئەم شارەدا دەهێننەوە كە ڕژێمی بەعس لەڕۆژانی تووشی خۆیدا لەزەینی ئێمەدا تۆماریكردوون ..

ئازیزان، مرۆڤدۆستان، كاربەدەستانی وڵات
ئەو خوێندكارانە ئەگەر كێشەو مەسەلەیەكیان نەبووبێت خۆ شێت نەبوون بۆ زیاتر لە54 شەو لەباوەشی گەرمی پڕ لەسۆزی خێزانەكانیان بێنەدەرو دەست لەملانی شەقامە خوڵاویی‌و تاریك‌و بێنازەكانی شار بن.. لەو ماوە دوورودرێژەدا نەمانبیست ئەوان بۆ جارێكیش بێحورمەتیان بەهیچ كەس‌و دەزگاو دامەزراوەو لایەنێك كردبێت بەڵكو تەنهاو تەنها ویستویانە پەیام‌و داخوازی زانستیانەی خۆیان بگەیەننە كۆمەڵگە، بەهەموو ناوەندە ئەكادیمی‌و زانستی‌و مەدەنییەكانیەوە، تا لەوێوە هاوڵاتیان بەمافە زانستییەكانی خۆیان ئاشنابكەن‌و بتوانن بەشێوازێكی نەرم‌و هاوچەرخ‌و شارستانیانە داخوازییەكانیان بەرنەپێش، كەئەمەش مافێكی زۆر سەرەتایی هەموو گروپ‌و كۆمەڵەیەكە، لەبەرئەوە ئەگەر هەر حكومەت‌و دەسەڵاتێك بیەوێت، لەژێر هەر بیانوویەكدا، ئەم مافی كۆبوونەوەو رادەربڕینە

لەکەس و گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە زەوتبکات و بیەوێت لەڕێگەی بەکارهێنانی زەبروزەنگەوە مومارەسەکردنی ئەو ماف و داخوازیانە خەفە بکات ئەوا بێگومان ئەو دەسەڵاتە دەکەوێتە بەر نەفرەتی کۆمەڵگەو جگە لەنزیکردنەوەی مەرگ و ناشتنی خۆی زیاتر هیچی تر ناچنێتەوە!

دەسەڵات و حکومەتی کوردی دەبێت ئەو راستیە باش بزانێت کە گەشەکردنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵاتی هەرێمی کوردستان بەتەواوەتی بەندە بە چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و ئازادی و مافی مرۆڤ و کومەڵگەی مەدەنی، وەهەرگیز ئەم بنەمایانەش ناچەسپێن گەر خۆشەویستی و دڵسۆزی هاوڵاتیان و سەدان هەزار کوڕ و کچی خوێندکار و لاوی ئەم وولاتەی لە پشتەوە نەبێت، دەسەڵاتی کوردیش لەبەردەم مێژوو و گەلی کوردستاندا بەرپرسیارە کە ئەم ئەزمونەی هەرێم بەرەو پێشەوە بەرێت و بیگەیەنێتە ئەنجامێکی لە خەم رەخسیو، هەربۆیە ئێمە وەك پەرۆشیمان لە پێناو چەسپاندنی ئەو بنەمایانەدا; لێرەوە دوای دوو رووداوە تراژیدیەکەی شەوانی 9/10-7-2008و 14/15-7-2008 کە شاری سلێمانیان بەهەموو ویژدانە زیندووەکانیەوە هەژاند، داواکارین لەئێوەی بەڕێز لەئاست بەرپرسیارێتی پیشەیی و ئەخلاقی و نەتەوەییدا بن و بتوانن ببنە پاڵپشت بۆ جێبەجێکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

– بەدواداچوونی ئەو کێشەیەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ داخوازییەکانی خوێندکارانی مانگرتوو.

– دادگاییکردنی هەموو ئەو کاربەدەستانەی ئاسایش و هێزی موداهەمە کەدەستیان لەئازاردانی خوێندکارەکاندا هەبووەو لێپێچینەوەی یاسایی تەواویان لەگەڵدا بکرێت.

– گەڕاندنەوەی ئەو کەل و پەلانەی ئاسایشی سلێمانی لەمیانەی هەڵمەتەکەیاندا دەستیان بەسەردا گرتووەو قەرەبووکردنەوەی ماددیی و مەعنەوی بۆ خوێندکارانی مانگرتوو .

– ڕێگەنەگرتن لەو خوێندکارانە بەوەی چالاکی مەدەنی تر ئەنجامبدەن.

– گیان و کەسێتی خوێندکارانی مانگرتوو بپارێزرێت و نەهێڵرێت لەناو زانکۆدا بێحورمەتی بەخوێندکاران مانگرتوو حەرەمی زانکۆ بکرێت.

ئەم یاداشتە زادەی چەندین کۆبوونەوەی ئەم ڕێکخراوەو فێدراسیۆن و تۆڕبەندیانەیە کەناویان لەخوارەوە هاتووە:

| | |
|---|---|
| 1 | ڕێکخراوی سۆڵیداریێتی خوێندکاران -SSO |
| 2 | پەیمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن - KIE |
| 3 | ڕێکخراوی وادی - WADI |
| 4 | سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ - DHRD |
| 5 | ڕێکخراوی دەستپێشخەری کومەڵی مەدەنی - CSI |
| 6 | ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی کورد - KHRW |
| 7 | مەڵبەندی ڕۆشنبیری بەدلیسی - BCC |
| 8 | ڕێکخراوی گەشە پێدانی یاساو مەدەنیەت - LCDO |
| 9 | ڕێکخراوی ڕاسان بۆ بەرەنگاری لەتوندوتیژی ژنان |
| 10 | ڕێکخراوی ئاسوودە بۆ بەرەنگاری لە توندوتیژی ژنان |
| 11 | ڕێکخراوی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان - KVRA |
| 12 | ڕێکخراوی چاك - CHAK |
| 13 | ڕێکخراوی سپێدە |
| 14 | ڕێکخراوی گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی کوردستان - KCDO |
| 15 | ڕێکخراوی هاوپەیمانی ژنان لە پێناو دیموکراسی - WAFDI |
| 16 | ڕێکخراوی ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال |
| 17 | ڕێکخراوی کوردۆ - KURDO |
| 18 | ڕێکخراوی گەشە پێدانی چالاکی لاوان - YADK |
| 19 | ڕێکخراوی تیشك بۆ گرنگیدان بەبواری ڕۆشنبیریو مافی مرۆڤ |
| 20 | ڕێکخراوی کیدۆ بۆ گەشە پێدانی ئابووری کوردستان - KEDO |
| 21 | ڕێکخراوی بزاڤی بەرەو مەدەنیەت |
| 22 | ڕێکخراوی گەشە پێدانی مرۆڤودیموکراسی – DHDO |
| 23 | یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستانی عێراق |
| 24 | ڕێکخراوی گەشە پێدانی قوتابیانی کوردستان |